# کوژرانی فاتمە ماڵویرانییەکە بۆ کورد

حەمید کەشکولی



دوینی کە چاوم بەو هەواڵەدڵتەزینە کەوت لە تیکست تی ڤی، تا بلیی کاری لی کردم و خەمبار بووم ئیتر بیرم نەکردەوە ئەو کیژە کوردی کویندەرییە. لە نووسینەکەم بۆ کوردستان نیت، خوینەر وا حالی دەبوو کە کوردی باشوورە. منیش بیرم نەچوو بۆ جییەکی تر، چونکە چەندین کوشتنی نامووسی لە سویدا ئەنجام دراوە هەر بە دەستی کوردی نامووس پەرستی کوردستانی ئیراق، دووانیان دراوسیم بوون.

یەکیکیان ژنەکەی ئوکراینی بوو، میردە کوردەکەی لە بەرچاوی خەلکی لە مەوقفی باسدا بە زەبری چەقۆ قەسابیی پیی کرد و کوشتی هەرچەندیش تەلاقی دابوو.

دەوجا ئاشکرایە ئورووپییەکانیش ژن دەکوشن بەلام پیی نالین کوشتنی نامووسی، بەلکو بەزۆری پیی دەلین کوشتن بە هۆی غیرەت. میدیای ناپاکی سویدیش تا پییان دەکری پاکانە بۆ ژنکوژەکانی خۆیان دەکەن و تاوانەکانیان پاساو دەدەن گویا جانییەکە نەخوشە و لە حالەتیکی باش نییە. بەلام ئەگەر بکوژەکە مسلمان یان شەرقی بوو، ئەوە کردەوە وەحشیانەکەی بە هۆی کولتور و نەریتی باوکوباپیری نامبارەکیان بەریوەچووە. زۆر جار کیشەم هەبووە لەگەل هەندی نووسەر و سیاسی سویدی لە سەر ئەو دوو شیکردنەوە جیاوازەی بانیك دوو هەوا یە، و ئەو سیاسەتە راسیستانە کە خویان پیی دەلین ئنتگراسیون و نسبییەتی فەرهەنگی و هەمیشە من پیم وتوون کە نازیزمی ئەم سەردەمەیە. بەو پییەش حوکمی کوشتنی نامووسی سووکتر لە هیتر بۆ نموونە زەرەری ئابووری لە دەولەتی سوید. زۆر رۆشنبیرو متفکری عەرەب وکورد و شەرقیش هەن بە تەواوی باوەریان بە سیاسەتی نسبییەتی فەرهەنگی هەیە. بیانووەکەیانیش ئەوەیە پاراستنی بەها ئەخلاقیەکانمانە. رەحمەتی هادی العلوی یەکیك لەو مفکرانەیە کە باوەی وابوو مافی مروز و ئازادی ژن بدعەیەکی غەربییە و لەو بارەیەوە

هەمان هەلویستی مەرحوومی ایە اللە خمینی هەبوو. کۆمەلە عیراقی و عەرەبەکان گرنگترین نوختە لە پەیرەو و پروگرامەکانیان ریزگرتنە لە داب و سوننەتی میللەت و گەلەکانیان – هەلبەت قەت دەستنیشانی ناکەن ئەو سوننەت دابە نەریتە چییە. هەلبەتە ئورووپیش بە یەك چاو تەماشای تەواوی مهاجران دەکەن، هەرچەند بلێن ئیمە ئارین و زەرادەشتین نازانم چی وچی.

لیرەدا دەمەوی بزانم، بۆچی جینایەتی کوردەکە کریتترە ؟

دوای ئەو رووداوە، چاوپیکە وتن کرا لەگەل زۆر کەس لە ژورنالیست وسیاسی و ئاووقات، بەلام ئەوەی سەرنجی راکیشام پزیشکیك بوو، وتی رۆژ نیی نییە کچ نەیەن بۆ لای عەمەلیاتی دوورینەوەی بەکارەی پژاویان بۆنەکات، چونکە ئەو کچانە وەختی بە میردانیان هاتووە و ئەگەر بیبن بن ئەوە کارەساتیان بۆ دەقەمی. دکتورەکە وتی ئەو کچانە هەموویان لە رۆژهەلاتی ناوەراستن، هەلبەتە ئەو جییە کوردەکان و کودستانیش دەگریتە وە.

دەوجا با بیینە سەر فاتمەی جوتنەمەرگ. ئەو کچە وام بۆ دەرکەوت کە زۆر زیرەك، عاقل و لیهاتوو ە بە ئەدەب وتەربییەتیشە، کە ئەوەش حالەتیکی دەگمەنە لە ناو ژنی کورد. سۆسیولوگ بوو. هەموو دەستە خوشکەکانی و کارگیرانی زانکوی ئوسترشوند شایەتی دەدەن چەنیك زیرەك بووە. شەندامی تەشکیلاتی لاوانی سوسیال دیموکرات بوو.

هاتە بیرم کە پیش چەند سال لە دیباتی تلفزیونی بەشداری کرد و چ جوان کیشەی چنانی کوردی روو ن کردەوە.

وا ئازا بوو تەحەدای هەرەشە نا رەواکانی باوك و برای کرد کە بیکوشن لەبەر هەلبژاندنی کوریکی سویدی کە ئەویش بە سانحەی سیارە گیانی لە دەست دا، حگومەتی سویدیش داوای لی کردبوو خۆی دەرنەخا بەلام وفاتمە وا بیری کردووە کە وەزیفەیەتی دیفاع لە ئازادی ماف ژنانی کورد بکات. هەرچەند دلنیا بوو کە دەکوژری.

کەس و کاری – بە قسەی دیباتوری ناوداری کورد کوردو باکسی– بەلینیان دابوو بە گەلی کوردان لە ئوپسالا لاقای ئەو کچە نەکەن. کاك کوردو وەکو زۆربەی رۆشنبیرانی کوردی سوید زۆر زۆر نارەحەتە بۆ کوژرانی فاتمە و وتی کە ئەوە تراژیدییە وەك کوژرانی ئولوف پالمە. شارەوانی ئوپسالا و زانکۆی ئوستەشوند ماتەمیان راگەیاندووە و ئالای سویدیش ئەمرۆ چەمابووە لە و دوو جییە.

بریار بوو پاش چەند رۆچیکی تر فاتمە سەفەر بکا بۆ کینیا بۆ لیکولینەوە و ئەنجام دانی پرۆژەی زانکۆ، بۆیە هاتبووە سەردانی هەندی لە کەسوکاری و شەوی کوژرانی لە مالی خوشکەبچوکەکەی بوو و دایکیشیان لەگەل بووە، کە باوکە لە زەنگی دەرگەی کوتاوە و هاتوەتە ژووری چەند گوللە بە جگەرگوشەکەی ناوە.

سەیر ئەوەبو هەندی گەنجی کورد لە تلفزیون نیشان دران دەسەخۆشی لەو پیاوە کوردە دەکەن. هۆی ئەوەش لەوە دەبینم کە زۆربەیان هەست دەکەن بە ناکامی وفەشەل لە کۆمەلگەی سویدی و زۆربەیان لە حالەتیکی نەفسی نالەبارن و زۆریشیان کیشەی هەیە یان هەبووە لەگەل ژن یان ژیانی ژنومیردایەتییان سەرکەوتوو نەبووە بەلکو دوزەخ بووە. سیستیمی راسیست سوید بەرپرسە لەبەرامبەر وەزعی نالەباری لاوەکانمان.

راسیستەکانی سوید ئەو جینایەتە بەکار دینن بۆ هاندانی خەلکی سویدی دژی کورد و شەرقییەکان. سەرەك وەزیر گوتی ئەو کردەوەیە تەنها خاوەنەکەی دەگریتەوە. مونا سالین وەزیرا ئینتگراسیون و راویژکاری حکومەت و دەلەتمەداری ناودار گوتی تەواوی ئەو نیوە رۆژە گریاوم و دانی پیوە نا کە سیاسەتە کەیان لەمەر پەناهەندە فاشلە.

ئەو باوکە هیندەی تر گوناهبار و جینایەتکاریکی کریتە، ژونکە کچەکە بالغە و و کاریکی بە دزی نەکردووە. لە بەرچاوی هەموو خەلکی کوری هاوژینی خوی هەلبژاردووە، کورەکەش خۆشی ویستووە.

ئەوە ئەم ئیوارەیە لە مەیدانی سیگلتورگی ستوکهولم مانیفستاسیون دەکری لەلایەن هەندی کوردەوە بۆ پروتبسیت لەسەر تاوانە گەورەکە و هەمان کات دژی سیاسەتی راسیستانەی سویدو ئوروپا.

بە داخەوە زۆریك لە ئوروپاییەکان فریوی ماسمیدیاکان دەخون. لەوەش دلنیا هەندیکیان هەر وا گوش دراون و روونکردنی هەمو شت بۆیان ئاسان نییە.

لە وتارەکەی دوینیم بە ناونیشانی – کوردیك کچەکەی خوی کوشت– نووسیبووم کە کوردی باشوور لە باقی کوردەکانی تر دواکەوتووترن. بەلی بە داخەوە وای دەبینم، هۆی ئەو دیاردەیە زۆرن، خەتەرناکترینیان ئەوەیە هەرکەس خوی بە مسۆولی دەزگای تناسلی خەلکی دیکە داناوە و باقیەکەیشی دیارە بە چی دەگا. بە راستیش وەو دیاردەیە لە ناو کوردی رۆژهەلات یان کوردی سوریە بەو زەقیە وەدی ناکەم.

فاتمە بە راست فاتمە بوو، ئەرکی هەموومانە ریگە نەدەین فاتمەی دیکە لەدەست بدەین !